


## سەرنجێک لەسەر لاپتۆپە چەماوەکەی ئاسۆس

کۆمپانیای ASUS کە لە ریزی کۆمپانیا ناسراوەکانی بواری بەرهەمهێنانی تەکنەلۆژیای نوێ دێت و مێژوویەکی لەمێژینەی هەیە، بەم دواییە لاپتۆپێکی چەماوەی خستەڕوو کە بە جۆری Asus VivoBook Flip TP510UQ ناسراوە. لاپتۆپێکی هێربرێدییە واتە دەبێتە دوو ئامێری لێك جیا، هەم تەبلێت و هەم لاپتۆپ.

شاشەی لاپتۆپەکە ٣٦٠ پلە بە دەوری خۆیدا دەسووڕێتەوە و دەبێتە تەبلێت. کێشی لاپتۆپەکە نزیکەی دوو کیلۆیە، یەکێکە لە تەنکترین و ناسکترین لاپتۆپەکان، قەڵەمی تایبەتی لەگەڵدایە. خۆی لە ئەلەمینیۆمی نەرم دروستکراوە کە ئەگەری تێکچوونی زۆر کەمە. شوێنی دانانی هاردی SD و کەلێنی دانانی USB بە هەردوو جۆرەکەیەوە، کێبڵی HDMI و هەموو ئەو بەشانەی کە بەکارهێنەر پێویستیەتی تێیدایە. یەکەی لێکدەرەوەی لاپتۆپەکە لە نەوەی هەشتەمی ئەنتەلە و خێراییەکەی دەگاتە ٣,٤ گیگا. رامەکەی ٨ گیگابایتە. کارتی شاشەی ٢ گیگابایتە. هاردەکەی یەك ترابایتە. شاشەکەی ١٥,٦ ئینجە و فول ئیچ دیی و تەواو لەمسییە.

## راوتەرێک بە خێراییەکی بێ سنوور

راوتەر (ruter) گرنگترین ئامێرە بۆ گواستنەوە و بڵاوکردنەوەی هێڵی ئینتەرنێت لە مەودایەکی سنووردار‌دا، شێوازو ستایل و دیزاین و کارایی راوتەرەکان جۆراوجۆرە، راوتەری بێ وایەری A7000R کە هی وڵاتی کۆریایە، هەم ستایلەکەی سەرنج راکێشە و هەم خێراییەکەی زۆرە هەم بێ وایەریشە.

راوتەری ناوبراو دوو باندی هەیە لە باندی یەکەمدا دەتوانێت داتاکان لە باندی ٢,٤ گیگاهێرتزدا بە خێرایی ٨٠٠ مگا لە چرکەیەکدا بڵاو بکاتەوە. لە باندی دووەمدا واتە باندی ٥ گیگاهێرتزدا دەتوانێت داتاکان بە خێرایی ١٧٣٢ مگا لەچرکەیەکدا بڵاو بکاتەوە. راوتەرەکە ٨ ئالیاری هەیە کە کە هەرکامیان بە چواردەوری خۆیاندا دەسووڕێن و هەر چواری دەوری خۆیان دەگرنەوە.

راوتەری ئاماژە بۆ کراو لە بواری ئەمنیەتییەوە زۆر لەسەرێیە، دوگمەی WPS ی لەسەرە بەهۆیەوە بەکارهێنەر دەتوانێت بەبێ ئەوەی پاسۆرد لێبدا تەنیا بە نزیك کردنەوەی ئامێرەکە لە راوتەرەکە هێڵ وەربگرێت.



## کەیسێکی گرنگ
## دیزاینێکی سەرنج راکێش

کەیس (case)ی کۆمپیوتەر بەو چوارچێوەیە دەگوترێت کە یان ئەو کیسەیە دەگوترێت کە پارچەکانی کۆمپیوتەر پێکەوە دەبەسترێتەوە، سەرچاوەی دابینکردنی وزەی کۆمپیوتەرە، جگە لەوەش بەهۆی فەنەکانەوە پارچەکانی کۆمپیوتەر فێنك دەکاتەوە. کەیس جگە لە تواناکەی دەبێ سەرنج راکێش بێت، چونکە رووکاری دەرەوەی کۆمپیوتەرە.

کۆمپانیای کۆگار (cougar) بەم دواییە کەیسە نوێیەکەی خۆی بەناوی panzer EVO RGB خستە بازاڕ، کەیسێکی سەرنج راکێش و تایبەتمەندییەکانی بەرچاو. کەیسەکە هەر چوار دەوری گلۆپی رووناکییە، بەتایبەتی بەشی فەن و بڵندگۆکانی، دەکرێت ٨ پانکەی بۆ دابندرێ بۆ فێنك کردنەوەی بەشەکانی کۆمپیوتەر. شوێنی دانانی ٨ پارچەی هەیە، تەنانەت دەکرێ لە یەك کاتدا ٤ هاردی بۆ دابندرێت، ٣ فەنی رووناکی لە پێشەوە و یەك دانەشی لە پشتەوە هەیە، دەکرێ ئەوانە دوو قات زیاتر بکرێن.





# ماوسێک لە شێوەی ئۆتۆمبیل

ماوس یا (مشکۆکە) گەورەترین شاکلیلی کۆمپیوتەرە و کارئاسانی زۆر بۆ بەکارهێنەر دەکات و ئەگەر ماوس نەبێت وەك کلیلت پێنەبێ بۆ چوونە دەرگای ژوورەوە وایە. ماوسەکان هەم لە توانایی و هەم لە ستایلیاندا جیاوازن. ماوسی جۆری chuyi کە ستایل و دیزاینەکەی لەشێوەی ئۆتۆمبیل دەچێت جێگای سەرنجە. ماوسەکە وایەرلەیسە و ئۆرگۆنۆمییە واتە لەگەڵ پەنجەکانی بەکارهێنەر دەگونجێت. خێرایی ماوسەکە DPI 1600یە. چوار رەنگی هەیە، سوور و سپی و رەش و سەوز.. ماوسەکە بۆ کارکردنی پێویستە بە دوو باتری قەڵەمییە و لە رێگای وای فایەوە بە کۆمپیوتەر پەیوەند دەدرێت. کێشی ماوسەکە تەنیا ٧٠ گرام.



# کۆمپیوتەرێکی گیرفان ویندۆز١٠ی لەسەرە

مینی کۆمپیوتەرەکان واتە کۆمپیوتەری وردیلە لە داهاتووی جیهانی تەکنەلۆژیای نوێدا شوێنێکی گەورە بۆ خۆیان دەگرن، ئیدی کۆمپیوتەر ئەو کەیسە گەورانە نابن کە لە سوچێکی ماڵەوە دابندرێن، بەڵکو دەکرێت وەك موبایلەکەت لە گیرفانی بخەی، وەك کۆمپیوتەری وردیلەی جۆری mini pc 5 کە خۆی لەگەڵ کۆمپیوتەرە گەورەکان بەراورد دەکات. ئەم کۆمپیوتەرە بچووکە ویندۆز١٠ی لەسەرە، هاردەکەی ١٢٨ گیگابایتە و لە ریزی بەهێزترین کۆمپیوتەرە بچووکەکان دادەدنرێ. بەشێك لە تایبەتمەندییەکانی ئەمانەن:

مۆنیتۆرەکەی ٥ ئینجە وەك موبایلەکان، کێشی ٢٣٠ گرامە. خێراییەکەی ٢,٥٦ گیگاهێرتزە، رامەکەی ٨ گیگابایتە. جگە لەوەی کە ویندۆز١٠ی لەسەرە دەکرێت سیستەمی ئەندرۆیدیشی بۆ دابندرێت. بە تەلەڤزیۆن دەبەسترێتەوە. هەموو کیبۆرد و ماوس و مۆنیتۆر و..تاد بۆ دادەنرێ.

# وەرگێڕەكەی شیائومی بە ١٤ زمان وەرگێڕان دەكات



وەرگێڕی دیجیتالی بەو ئامێرانە دەگوترێت كە ئەركی وەرگێڕان لە زمانێكەوە بۆ زمانێكی دیكە ئەنجام دەدەن، بەشێك لەوانە بە پاڵپشتی ئینتەرنێت كارەكە ئەنجام دەدەن و بەشێكیشیان داتابەیسەكەیان لە ناو میمۆری خۆیدایە..

لەم ماوەیەدا كۆمپانیای شیائومی وەرگێڕە دیجیتاڵییەكەی خستەڕوو، وەرگێڕەكە بە Konjac AI ناسراوە، چوارچێوەكەی لە ئەلەمینۆمە، وەرگێڕەكە زۆر وەك ئامێری MP3 دەچێت، كێشی ئامێرەكە بچووكە. چوار دوگمەی هەیە، دوو دوگمە بۆ كۆنترۆڵی دەنگ و یەك بۆ وەرگێڕان و یەكێكی دیكە بۆ وەرگرتنی قسەكان. ئامێرەكە شەحن دەكرێتەوە و شاشەیەكی بچووكی LED هەیە بۆ نیشاندانی وەزعیەتی باتری.

وەرگێڕەكە لە ١٤ زمان پشتیوانی دەكات، لەگەڵ زۆربەی وەرگێڕانە دیجیتاڵییەكان پەیوەندی هەیە. وەرگێڕەكە جگە لە كاری وەرگێڕان، چەندین كاری دیكەش ئەنجام دەدات، وەك بڵاوكردنەوەی مۆسیقی، زانیاری سەبارەت بە كەش و هەوا، پەخشی رادیۆ، خوێندنەوەی هەواڵەكانی رۆژ و چەندین خزمەتگوزاری دیكەش. دیارە وەرگێڕە دیجیتاڵییەكە دەبێ بۆ ئەو كەسانەی كاری گەشت و گوزار دەكەن ئامێرێكی سوودمەند بێ.




## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێك

**خوێنەرێكی بەڕێز دەپرسێت ئێستا نیازم هەیە موبایلێك بكڕم، بەڵام لە هەموو شوێنێك دەڵێن ئەسڵیەكەت دەوێ یان عادییەكە.. تكایە پێم بڵێ جیاوازی نێوان ئایفۆنی ئەسڵی و عادی چییە؟**

خوێنەری بەڕێز، راستە نەك موبایل هەموو شتێك ئەسڵی و عادی هەیە، لە راستیدا ئەسڵی و عادی نییە، بەڵكو ئەسڵی و تەزویرە، چونكە كە ئەسڵ نەبوو یانی تەزویر.. موبایلی ئەسڵی و تەزویر بەم جیاوازیانە بناسە.. هی ئەسڵی كارتۆنەكەی وێنەی خۆی لەسەرە، عادی هیچی لەسەر نییە، ئەسڵی برغوەكانی كە لە نزیك شوێنی شەحنكردنن، پێنج سوچن واتە تایبەتن.. بەڵام هی عادی چوارسوچن.. لۆگۆی پشتەوەی ئەسڵی كە سێوێكە كە دەستی لێدەدەی جیاوازی نییە لەگەڵ كەڤەرەكە، بەڵام هی عادی قوڵترە.. نووسراوی پشتەوە هی عادی بە خەتێكی سپی گەش نووسراوە، بەڵام هی ئەسڵی وا نییە.. كاتێك هەڵیدەكەی هی ئەسڵی هیچ پەیامێك نایەت.. بەڵام هی عادی پەیامی Welcome دێتە سەر. ئەمە بەشێكن لە جیاوازییەكان.

## باشترین پرۆگرامی نیگاركێشان



پرۆگرامەكانی تایبەت بە وێنە و گرافیك گەلێك زۆرن، بۆ نموونە فتۆشۆپ و هاوشێوەكانی.. بەڵام ئەو پرۆگرامانەی كە كاریان نیگاركێشان و تایبەتن بە وێنەكێشان كەمن و بۆیە لەناویاندا پرۆگرامە گرنگ و بەهێزەكان دیارن، یەكێك لە باشترین پرۆگرامەكانی تایبەت بە وێنەكێشان پرۆگرامی corel painterە كە هی كۆمپانیای corelە.

پرۆگرامێك توانا و تایبەتمەندییەكانی گەلێكن، دەیان جۆر قەڵەمی وێنەكێشانی تێدایە، بە جۆرێك بەكارهێنەر هەست پێدەكات لەسەر پەڕەكاغەزێك وێنەدەكێشێتەوە. ئێفێكتی جۆراوجۆری تێدایە. تەنانەت دەكرێت بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە ئەنیمەشن و كارتۆنیش دروست بكەی. لەو پرۆگرامەدا دەكرێت رەنگی تایبەت دروستبكەی، ئەو رەنگانەی كە بەكارهێنەر بۆ وێنەكێشان پێویستی پێیەتی. خێرایی پرۆگرامەكە زۆرە، لەگەڵ پرۆگرامی فتۆشۆپیش دەگونجێت و دەكرێت بە ئاسانی لەنێوان ئەو دوو پرۆگرامەدا پردێك هەبێت.



# کاتژمێرێک تایبەت بە گۆرانی و مۆسیقا

کاتژمێرە سمارتەکان هەروا دێ و گشتگیر دەبن، هەرچەندە مارکە و ستایلیان جیاوازە بەڵام تواناکانیان وەك یەك و لە یەك ئاستدان بە هەندێك جیاوازییەوە، بەڵام کاتژمێری جۆری Life Like B90 Smart Watches Gold لە هەموو کاتژمێرەکان جیاوازترە، لەراستیدا وەك سپیکەرێکی بلوتوسی دەچێت تاکو کاتژمێرێکی دەست.. شاشەیەکی بچووکی هەیە بۆ نیشاندانی کات، بەڵام بلندگۆیەکی بەهێز کە دەکرێت بەکارهێنەر گۆرانی و مۆسیقای پێ لێبدات. کاتژمێرەکە زیاتر بۆ هۆشیارکردن و لە خەو هەستان سوودی لێوەردەگیردرێت. جگە لەو تایبەتمەندییانە بەهۆی سیستەمی بلوتوسەوە لەگەڵ موبایل پەیوەند دەدرێت و گۆرانییەکان دەکرێ لەوێ وەربگیردرێن، و هەروەها کامێرای هەیە بۆ وێنە گرتن، رادیۆی FMی لەسەرە. لە هەر شەحنکردنەوەیەکدا دەکرێت رۆژێك گوێ لە گۆرانی بگری، کاتژمێرەکە زیاتر بۆ قوتابیان و خوێندکاران دەگونجێت.



## سایتێک بۆ تاقیکاری بیستن

هەست بەوە دەکەی گوێیەکانت وەك جاران نابیسن؟ پێویستت بەوە هەیە بچی تاقیگەی پزیشکی و گوێیەکانت تاقی بکەیەوە؟ پێویست بەوە ناکات بچۆ سەر لە سایتی https://www.bel-tonehearingtest.com/ بدە لەو سایتەدا سەرەتا رەگەز و تەمەنت دەپرسێ، دواتر دەتوانی سپیکەر یان هیدفۆن هەڵبژێری، بەڵام باشتر وایە هیدفۆن بێ، دوای ئەوە وێنە و دەنگی کۆمەڵێك گیاندار دێت، دوای سەبارەت بەو نیشانداندنە پرسیارت لێدەکات، لەسەر بنەمای وەڵامدانەوەکانت پێت دەڵێت هەستی بیستنت چەندە، پێویست بە دکتۆر هەیە یان نا.

# داشبۆردی سمارت داهێنانێکی نوێ لە ئۆتۆمبیلدا

لە ئۆتۆمبیلدا سێ هۆکار دەبنە خاڵی بەرچاو و گرنگی هەر ئۆتۆمبیلێك، بە پلەی یەکەم، ئەمنیەت و دڵنیایی، خێرایی، ستایلی جوانی ناو ئۆتۆمبیل.. دەشبۆردی هۆشمەند جۆری Continental 3D Touch Surface Display لە یەك کاتدا هەموو ئەو تایبەتمەندیانەی لەخۆیدا کۆکردۆتەوە. دەشبۆردەکە ئاوێنەیەکی هۆشمەندە بەهۆیەوە دەکرێت هەر چوار لای دەوروبەری ئۆتۆمبیلەکە ببینی، لە کون و کەلەبەرەکانی رێگا شارەزا بی. سیستەمی GPSی پێشکەوتووی تێدایە، بەهۆیەوە دەتوانی بە وردی رێگای دەوروبەرت ببینی. کۆنترۆڵ کردنی ئۆتۆمبیل تەنیا بە لەمس، ئەویش نەك بە سەیرکردنی شاشەکە بەڵکو بەهەست پێکردن.. بۆ روونکردنەوەی زیاتر شۆفێر پێویست ناکات سەیری دەشبۆردەکە بکات، بەڵکو بەهۆی هەستی خۆی و زانینی شوێنەکان دەتوانی کۆنترۆڵی بەشەکانی ئۆتۆمبیل بکات.

دەشبۆردی هۆشمەندی Continental 3D Touch Surface Display یەکەم دەشبۆردی سێ دوورییە لە جیهاندا و خەڵاتی داهێنانە گرنگەکانی بەدەست هێناوە. بەهۆی ئەو دەشبۆردەوە دەتوانی کۆنترۆڵی دەنگ و رەنگ، گەرمی و ساردی ناو ئۆتۆمبیل، پەیوەندییەکان بەشێوەی ڤیدیۆیی و دەنگی بکەی.. سەرەرای هەموو ئەوانە دیزاینێکی زۆر جوان بە ئۆتۆمبیلەکە دەبەخشێت.. بە ئاسانی لەسەر ئۆتۆمبیل دادەندرێ و لادەبرێت..

